# چەند تێبینییەك لەسەر لیستی هاوبەش

فەتاح تۆفیق فەتاح

پێشەکی ڕێکەوتنی هەردوو حزب, یەکێتی نیشتمانی کوردستانو پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەر دابەزین بەیەك لیستو بەشداری پێکردنی زۆربەی حزبەکانی دیکەی کوردستان دەست پێشخەرێکی بابەتیانە بوو لە پێناو دەرخستنی یەکڕیزی گەلی کورستاندا, لەم هەلو مەرجە چارەنووس سازەو قۆناغە پڕ مەترسییەدا, کە کاروانی گەلانی عێراق پێدا ڕەت دەبێتو شایانی ئەوەیە کە دەست خۆشییان لێ بکەی.

بەڵام دەکرا ئەم ڕێکەوتنە بە شێوەیەکی بابەتیانە ترو لەسەر بنەماییەکی دیموکراتیانە تر, بهاتایە کایەوەو ببایە هۆکارێکی بەهێزتر بۆ یەکڕیزی گەلی کوردستانو دەنگۆیەکی فراوان تری لەنێو جەماوەری فراوانی چینو توێژە نیشتمان پەروەرەکانی گەلەکەماندا بدایەتەوەو دابەزیبایە نێو شەقامی شارو شارۆچکەو دێهاتەکانی کوردستانی ستەم لێکراو، کاردانەوەی خۆشی لەسەر ناوچەکانی دیکەی عێراق هەبوایەو, ببوایە بە هاندەرێك بۆ ڕێکەوتنی لەم جۆرە لە ناوچەکانی تری عێراقدا, بەلایەنی هەرە لاوازی لیستێکی یەکگرتووی کوردستانیو هێزو لایەنی دیموکراتی عەرەبییەوە, کە بە بایەخەوە سەیری کێشەی ڕەوای نەتەوەی کوردمان دەکەنو مەبەستیان ئەم کێشەیە بەشێوازێکی دیموکراتی ئاشتیانە لەسەر بنەمای دانان بە فیدرالیزمدا چارەسەر بکرێ.

دەتوانم بە دڵنیاییەوە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە ئەم لیستە هاو بەشە وێڕای گرنگی خۆی, ئەم ئاواتەی بەدواوە نەهات، بەڵکو لەزۆر کۆڕو کۆمەڵدا هەستم بەوە دەکرد کە جەماوەر بەکەم بایەخەوە تێیان دەڕوانی, بەبۆچوونی خۆم ئەم کەم بایەخییە بۆ ئەم هۆکارانەی خوارەوە دەگەڕێتەوە. 1-هەردوو حزبە زلهێزەکە وەکو پێویست بایەخیان بەڕاو بۆچوونی حزبە کوردستانیەکانی تر نەدا, بەڵکو هەر خۆیان لەلای خۆیانەوەو بەبێ ئەوەی پرس بەهیچ حزبێکی کوردستانی بکەن ڕێژەیەکی تایبەتیان بۆ هەر یەك لەم حزبانە داناو هاتن بە شاندێکی هاوبەش ڕێژەکەیان بەهەر یەك لەو حزبانە ڕاگەیاند, بە بۆچوونی من ئەمە شێوازێکی بیروکراتیانە بوو، دەتوانم بڵێم هیچ ڕێزێکی بۆ ئەم حزبانە تێدا نەبوو, ئەمە وێڕای ئەوەی کە لە گیانی دیموکراتیانە دوورەو ئاماژەش بەو ڕاستیە دەکاتەوە کە هێشتا گیانی حزبایەتی بەر تەسكو خۆبەزلزانین لە دڵو دەروونی ئەم حزبانەدا ماوەو وای بۆ دەچن کە حزبەکانی دیکە دەبێ گوێ ڕایەڵی بیروبۆچوونو بەرژەوەندی ئەوان بن, خۆشیان لە نووسینو گوتارەکانیاندا باس لەبەسەرچوونی ئەم جۆرە تێڕوانینە دەکەن, بەڵام لەکارو کردەوەی ڕۆژانەیاندا بەدەیان جار ئەم جۆرە هەڵسو کەوتە دووبارە دەکەنەوە.

2-تا نووسینی ئەم وتارە لیستە هاوبەشەکە بێ بەرنامەیە, ئەمەش هەر پەیوەندی بەخاڵی یەکەمەوە هەیە, ئەگەر دوای ئەوەی هەردوو سەرکردایەتی بەسەر گیرو گرفتەکانی خۆیاندا زاڵ بوون, کۆبوونەوەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ سەرکردایەتی ئەو حزبە ڕەسەنانەی کە بڕیاریان دابوو بەشداریان پێبکەن سازبدابایەو لەبارەی ئەو ڕێژانەی بۆیان دانابوون گفتو گۆیان لەگەڵدا بکردبان, لەوانە بوو باسی داڕشتنی بەرنامەیەکیش بکرابایەو لەسەری ڕێك بکەوتانەو لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو ڕێژانەی بۆیان دانابوون, بەرنامەکەش بڵاو بکرابایەوە بۆ جەماوەر, وا هەست دەکەم جەماوەرەکە زیاتر بە دەنگ لیستە هاوبەشەکەو بەرنامەکەوە دەچوون، دەورو کاریگەری زیاتر لە ناو جەماوەرەکە دەبوو, لەو باوەڕە دابووم لەم حاڵەتەدا پێشوازییەکی جەماوەری زۆر گەرمو گوڕی لێدەکرا, ئەمە لەلایەكو لەلایەکی تریشدا پێویستە هەر لیستێ کە دابەزی بۆ وەرگرتنی دەنگی کۆمەڵانی فراوانی خەڵکی، دەبێ بەرنامەی خۆی بەو جەماوەرە ڕابگەیەنێ, پێویست بوو بۆیان ڕوونبکاتەوە کە ئەگەر سەرکەوتنی بەدەست هێنا ئەم داخوازیانە بۆ جەماوەرەکە جێبەجێ دەکات, ئەم نەریتە هەر لەوڵاتی ئێمەدا نەبووەتە ڕێو ڕەسم بەڵکو لە پێشکەوتووترینو دیموکراتی ترین وڵاتی سەر ڕووی زەوی لەم چەرخەدا باوە, ئەگەر وانەبێ, ئەی لەسەر چ بنەمایەك خەڵك دەنگ بەم لیستە دەدات؟! ڕاستە جەماوەر حزبەکانی ناو ئەم لیستە دەناسنو بەرنامەکانیشیان دەزانن, بەڵام ئەمە لیستێکی هاوبەشە بەرنامەکەی کتو مت وەکو بەرنامە هەریەکی لە حزبەکان نییە, وێڕای ئەمەش ئێمە هەموو حزبە کوردستانییەکان پێمان ناوەتە قۆناغێکی تازەوە, دوای ڕوخانی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوسێن, ئایا بەرنامەی نوێمان بۆ ئەم قۆناغە چییە؟! پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی ئەوە بزانن بۆ ئەوەی لەسەر ئەم بنمایە دەنگت بۆ بدەنو دوای هەڵبژاردنیش لەسەر بنەمایی ئەم بەرنامەیە حیساب لەگەڵ لیستە سەرکەوتووەکەدا بکەنو ڕەخنە لە کەمو کوڕییەکانیان بگرن.3-لە لیستەکەدا هێشتا پاوان خوازی هەر درێژەی هەیە, ئەو ڕێژەیەی بۆ حزبەکانی دیکە دانراوە کەمە, لەوانەیە هەردوو حزبە زلهێزەکە بڵێن با حزبەکان لەم قۆناغە چارەنووس سازە, نەختێ لەخۆ بوردوبن لە ڕاستیدا تەنانەت لەسەردەمە کۆنەکانیشدا باوبووە کە لایەنە بەهێزەکان تەنازول بۆ لایەنی لەخۆیان کەم هێزتر تەنازول بکەن, نەك بە پێچەوانەوە, بە بۆچوونی من دەبوایە هەردوو حزبە زلهێزەکە یەکی ڕێژەی 35% یان بۆ خۆیان دابنابایەو ڕێژەی 30% بۆ حزبەکانی دیکە دابنایە ئەم لە کاتێکدا کە بۆچوونی حزبەکان زۆر لە یەکتر نزیکە, هەموومان داوای دیموکراتیو فیدڕاڵیو فرە حزبی بۆ عێراقو یەکگرتنی هەردوو نەتەوەی سەرەکی دەکەین لەسەر بنەمایەکی ئارەزومەندانەو, داوا دەکەین پاشماوەی بە عەرەب کردن لە پارێزگای کەرکوكو ناوچەکانی تری کوردستانی بەعەرەب کراو کۆتایی پێ بێتو کۆکین لەسەر دابین کردنی مافە ڕەواکانی تورکمانو کلدو ئاشوریو کەمە نەتەوەیەکانی دیکە, کەواتە بۆچ ئەم ململانێیە توندە لەسەر دابچراندنی ئەم ڕێژە زۆرە بۆ هەر یەك لەم دوو حزبە, ئایا چ ڕوو دەدا ئەگەر حزبی شیوعی یا سوسیالیست یا زەحمەت کێشان یەك 2-3 کورسی تریان بۆ تەرخان بکرێ؟! من لەو باوەڕە دام ئەگەر وابکرایە ڕێزو قەدری هەردوو حزب لەناو جەماوەردا بەرزتر دەبووەوە.

ئەمانە تێبینییەکانم بوو لەسەر لیستە هاوبەشەکە, لەگەڵ ئەم لایەنە سەلبیانەش لیستە هاوبەشەکە لەم ڕۆژگارە پڕ مەترسییەی کە گەلە ستەم دیدەکەمانی پێدارەت دەبین گرینگیو بایەخی خۆی هەیە وێڕای کەمو کوڕیەکانیش داوا لە جەماوەری گەلەکەمان دەکەم دەنگی بۆ بدەنو بەشێوەیەکی بەرفراوان بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن بکەن, چونکە بەشدارییەکی جەماوەری فراوان لە پڕۆسەکەو دەنگدان بە لیستی هاوبەش دەرگایەك لەڕووی جێبەجێ کردنی مافە نەتەوەیە ڕەواکانی گەلەکەمان دەکاتەوەو لەوانە تا سنوورێکی هەست پێکراویش ببێتە هۆکاری باشتر بوونی ژیانو گوزەرانی خەڵکی هەژارو چەوساوەی کوردستان.

---

رۆژنامە

شەپۆل فەتحی کەریم

# هەڵبژاردنو گرنگی دەنگدان

**هەڵبژاردن بۆ قۆناغی ئەمڕۆمان پرۆسەیەکی پڕبایەخو گرنگەو هۆشیاریی هەڵبژاردنیش لە ئاستێکی نزمدایە، چونکە لەکەشو هەوایەکی ناتەندروستو دیکتاتۆریانەدا پەروەردەبووین و گەورەبووین، ئەزموونی 13ساڵی رابردووی کوردستانیش بەس نییە بۆ قوڵکردنەوەی زیاتری پرۆسەی دیموکراسیو پەیوەندی دیموکراسی تاکەکان لەگەڵ یەکتری خودی پرۆسەی دیموکراسی ئاڵۆزەو راهاتنیش لەسەر قبوڵکردنی یەکتری و گوێ گرتنی راوبۆچوونەکان ئاسان نییە، بەشداری کردن لە هەڵبژاردنو دەنگدانیش پەیوەندی بە هۆشیاری تاکەکانو تێگەیشتنیان لە چەمکی دیموکراسییە، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریش ئەرکێکی نیشتمانیو فرە پێویستە بۆئەوەی هەموو تاکەکان بەشداری کارا لە هەڵبژاردندا بکەن،چونکە دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن پەیوەندی بە چارەنووسی هەموانەوە هەیە بۆیە پێویستە لە دیاریکردنی چارەنووسو ئایندەی خەڵکدا،خودی خەڵك رۆڵی کاریگەریان هەبێت. ئەمەش بەبەشدارییان دەبێت لەپرۆسەی دەنگداندا بۆ هەڵبژاردنی ئەوانەی بەباشترین شێوە نوێنەرایەتییان دەکەن،لەو سۆنگەیەوە پرۆسەی دەنگدان لەم قۆناغە هەستیارەدا گرنگ و پڕ بایەخە. بەتایبەت بۆ گەلی کوردستان کە بە درێژایی مێژوو قوربانی گەورەی داوە بۆ دەستخستنی مافە رەواکانی، ئەگەر دەنگدان مافی سروشتی هەر هاووڵاتییەك بێت بیدا یان نا، ئەوا ئەرکێکی نیشتمانی هەموو تاکێکی کوردستانە بەوپەڕی حەماسەوە بچێتە سەر سندوقەکانی دەنگدانو بەشداری ئەم پرۆسەیە بکات، گرنگی دەنگدان بۆ گەلی کوردستان لەم قۆناغەدا پێداویستییەکی مێژوویە بۆ سەلماندنی مافەکانمان لەدەستورداو وەڵامدانەوەیەکیشە بۆ دوژمنانو تیرۆرستان کە گەلی کوردستان لە رێگەی سندوقەکانی دەنگدانەوە بەشێوەیەکی شارستانی دەیەوێت دەستەبەری مافەرەواکانی بکات.**

---

# دڵنیابن دەستبەرداری نابین!

زیرەك کەماڵ

لەسەرجەم قۆناغە مێژووییەکان هەموو واقیعێك ڕەخنەگری خۆی هەبووەو هەربۆیەش لەهیچ کامێك لە وڵاتانی جیهانیدا ئێمە حکومەتێك، دەسەڵاتێك، بەدی ناکەین ڕەخنەگرو ئۆپۆزسیۆن نەبێت, هەڵبەت فۆڕمو شێوازو پێکهاتەی حکومەت چۆن بێت, ئەوا ڕەخنەگرانو ئۆپۆزسیۆنی ئەم حکومەتەش هەڵگری هەمان ئەو شوناسو پێکهاتەیەیە کە هێڵە گشتییەکانی ئەو حکومەتەی ڕەنگرێژ کردووە. بۆ نموونە لەو وڵاتانەدا کە حکومەت دیموکراسیەتو عەقڵانییەتی کردۆتە پایەو ڕێڕەوی کارکردنی خۆی, ئەوا لە هەناوی خۆیشیداو لە فەزای سیاسیو ئیداری خۆیدا ئۆپۆزسیۆنێکی دیموکراسیانە بەرهەم دەهێنێت, هەروەها لەو وڵاتانەی کە دیکتاتۆریەتیش حوکمڕانی دەکاتو بەڕۆحێکی شەڕانگێزی سواری ملی کۆمەڵگا دەبێت، ئەوا گومانی تیادا نییە لە بەرامبەر ئەو دیکتاتۆرەدا ئۆپۆزسیۆنێك چاوی دەتروکێنێت کە بە مەبەستی سەنگەر گرتنو ڕووبەڕوو بوونەوەی لە بەرامبەر ڕووکارە ئاکارە دڕندەکانی دیکتاتۆریەت پەنا بۆ چەكو توندو تیژی دەبات. ئەمڕۆ لە کوردستانی خۆماندا دیمکراسیەت بە مانا مەعریفیو زانستییەکەی لەدایك نەبووەو ئەو ڕووبەرە بەرتەسكو پەڕاوێزە سیاسیەی کە حزبەکانو کۆمەڵگا تیایدا جولە دەکەن, بریتین لەچەند ڕووکارو ئادگارێکی دیموکراسییەت, چونکە دیموکراسییەت ئەوە نییە کە وڵاتێك ژمارەیەك حزبی جیاوازو ڕاگەیاندنو هەمە جۆری تیادا بێت, بەڵکو دیموکراسیەت لە بنەچەکەدا ئەوەیە کە حزبەکانو هێزە سیاسییەکان جیاوازیو بۆچوونە جۆراو جۆرەکانیانو ململانێی خۆیان لە چوارچێوەیەکی عەقڵانیو لەزەمینەیەکی دیموکراسیانەدا بەڕێوە ببەن, دیموکراسیەت ئەوەیە کە حکومەت لە بەرامبەر خۆیدا دان بە ئۆپۆزسیۆنێکی کاراو سەربەخۆدا بنێت, نەك چەندین حزبو هێزی بچکۆلەو بێ دەسەڵات بەناوی ئۆپۆزسیۆن دروست بکات, ئەمڕۆ کە سیاسیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان دەدوێنین, کە مانشێتی ڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حزبەکانی دەسەڵات دەخوێنینەوە ئەزموونی کوردستان بە پێکهاتەو شێوازێکی دیموکراسیانە ناو دەبەنو دەیانەوێت وا لە ڕای گشتی کوردستانو جیهان بگەیەنن, کەوا دیموکراسیەت ڕەگو ڕیشاڵی خۆی بەسەر زەمینی واقیعدا بڵاو کردۆتەوەو تیشکی ڕەونەقداری خۆی بەنێو پانتاییەکانی ژیاندا پەرش کردووە

من لێرەدا نامەوێت زۆرو کەم لەم بارەیەوە بدوێمو سەرنجو تێبینی خۆم لەبەرامبەر قسەو ڕاگەیاندنەکانی ئەوان دەربڕم, چونکە من لە دەیان نوسینو کۆڕو سیمینارو مێزگردی ڕادیۆییو تەلەفزیۆنی لەسەر ئەم مەسەلەیە بەدرێژی دواوم, بەڵام دەمەوێت تەنها چەند وردە سەرەنجێك لەسەر ئەم هەموو تەبلیغاتو بانگەشەی ئەم بەڕێزانە لەسەر دیموکراسی بوونی خۆیان دەستنیشان بدەم, ماوەیەکە لەشارە گەورەکانی کوردستان خەریکە وردە وردە ئەو پەراوێزە ئازادییە ڕۆژنامە نووسەی کە لە کوردستاندا هەیە بەرەو تەسك بوونەوە دەچێتو بە ئاشکرا هەڕەشەی گرتنو بگرە کوشتنیش لە ڕۆژنامەنووسان دەکرێت!، تەنها لەبەر ئەوەی کەوا دەیانەوێت لە شوێنی ڕووداوەکان نزیك ببنەوەو هەروەها هەواڵو ڕیپۆرتاژ لەسەر مەسەلە زیندووەکانی نێو هەناوی کۆمەڵگا ئامادە بکەن, ئەم بەرتەسك کردنەوەی بازنەی پەڕاوێزە ئازادیە کە بەتایبەتی لەدژی پەیامنێرانی ڕاگەیاندنی حزبی ئێمەدا برەوی سەندووەو گەیشتۆتە ڕادەی سنوورێك کە لەزور شوێندا بە لولەی تفەنگو هەڕەشەی ترسناك پەلاماری پەیامنێرانی ڕاگەیاندنی تەلەفزیۆنی ئازادی دراوە، ئەمە جگە لەوەی زیاتر لەسێ مانگە ڕاگەیاندنەکانی ئێمە بۆ هیچ بۆنەو گۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووس بانگهێشت ناکرێن, کە ئەمەش بەهیچ شێوەیەك لەگەڵ گیانی دیموکراسیو بە مەدەنی بوونو شارستانیەتدا ناگونجێتو هەروەها دژی ئەو تەبلیغاتو بانگەشەیە کە سەرۆکی هەردوو ئیدارەی کوردستانو سکرتێرو سەرۆکی هەدوو حزبی دەسەڵات بەناوی ئازادی ڕادەبڕینو دیموکراسیەت دەیکەن, هەڵبەتە ئەوەی کەمێكو تۆزقاڵێك ئاگای لە زەمەنو ڕۆژگارو ڕووداوەکانی ڕۆژ هەبێت لەو ڕاستییە تێدەگات کەوا سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی حزبی شیوعی کوردستان بەردەوام لەبەرەی جەماوەرو داکۆکی کردن لە ئەزموونی کوردستان بوون, جوانترین سیمبولو گەرمترین وزەو جوڵەی نێو هەناوی واقیعی سیاسی وڵاتەکەمان بوونەو بەرپرسیارانەش مامەڵەیان لەگەڵ بارودۆخەکەدا کردووە, من بێگومانم لەوەی ئەم بەرگرتنو هەوڵدانە بۆ بەرتەسك کردنەوی بازنەی کارکردن لەبەردەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی ئێمە هێزێك لە پشتیەوە وەستاوە کە ناتوانێت لەگەڵ کەشو هەوای دیموکراسیەتدا هەڵبکات, هێزێکە لە ئازادی ڕۆژنامەگەریو مانی دەربڕینی بیروڕاو ڕای گشتیو کرانەوەی کۆمەڵگا دەترسێت, هەڵبەت هەر ترسێکیش لە دیموکراسیەت, بەمانای بوژاندنەوەی کەلتووری بەعسیزمو بەهێزکردنی توند ڕەویو دواجاریش بەرپاکردنی شەڕێکی تری لە ناوخۆیە، بەڵام لە بەرگو فۆڕمێکی ترە, پێویستیشە ئەو هێزە شەڕ لە دژی ئازادی ڕۆژنامەنووسان بەرپا دەکات لە شوێنی خۆی بوەستێت باشترە، چونکە ئەو نیمچە ئازادیەی کە هەیە بەهەر نرخێك بێت دەستبەرداری نابین.

---

# بەپێی ڕاپۆرتی CIA

# ئەمریکا قەرزدارترین وڵاتی جیهانە!



و-محەمەد قەڵادزەیی

ڕێکخراوی سیخوڕی ئەمریکا ( CIA) لە ڕاپۆرتێکدا لەسەر قەرزی دەرەکی 96 وڵاتی جیهان, ئەمریکای خستۆتە ڕیزی یەکەم کە 862 ملیارد دۆلار قەرزی دەرەکی لە سەرە, ئەم ڕاپۆرتەی دەزگای سیخوڕی ئەمریکا ساڵی ڕابردوو قەرزی دەرەکی ئێرانی (8.7) ملیارد دۆلار ئەژمارکردبوو, بەڵام ئەم ڕێژەیە ئەمساڵ بۆتە دە ملیاردو 960 ملیۆن دۆلار, بەپێی ئەم ڕاپۆرتە وڵاتی بەرازیل بە بوونی 222 ملیارد دۆلار قەرزی دەرەکی بە دووەمین وڵاتی دونیا دانراوە, هەروەها ئوستralیا 176 ملیارد دۆلار قەرزی دەرەکی لەسەرەو دوای ئەمریکاو بەرازیل بە سێیەمین وڵاتی جیهان دادەنرێت, دوای ئەوانیش ئەرژەنتین 155 ملیاردو, ڕوسیا 153 ملیارد دۆلار, مەکسیك 150 ملیارد دۆلار, چین 149 ملیارد دۆلار, کۆریای باشور 135 ملیارد دۆلار, ئەندونوسیا 131 ملیارد دۆلارو عێراق 120 ملیارد دۆلار قەرزی دەرەکییان لەسەرەو کەوتوونەتە ڕیزی چوارەم تا دەیەمی ئەو ڕیزبەندییەی کە دەزگای جاسوسی CIA لەسەر قەرزی دەرەکی وڵاتانی جیهان سازی کرووە, هەر بەپێی ئەو ڕاپۆرتەی CIA وڵاتی تورکیا 118 ملیارد دۆلار, هیندوستان 100 ملیارد دۆلار, ئیسپانیا 90 ملیارد دۆلارو سوید 66 ملیارد دۆلار, پۆلۆنیا 64 ملیارد دۆلار, یۆنان 63 ملیارد دۆلار, تایلەند 62 ملیارد دۆلار فیلیپین 60 ملیارد, هۆنگ کۆنگ 49 ملیارد دۆلار, مالیزیا 47 ملیارد دۆلار, قەرزی دەرەکییان لەسەرەو ئەو وڵاتانەش پلەکانی یازدەهەم تا بیستەمی ئەم ڕیزبەندییەیان گرتووەو بە قەرز بارترین وڵاتانی دونیا دەژمێردرێن.

دوای ئەوانیش ئیسرائیل, چیلی, کۆلۆمبیا, ڤەنزویلا, نیوزلەندا, پاکستان, مەجەڕ, میسر, فنلەندا, نەیجیریا, پیرۆ, بەلجیکا, سعودیا, ئەفریقای باشوور, تایوان, چیك, سوریا, دانیمارك, جەزائیر, ئیماراتی عەرەبی کەوتوونەتە پلەکانی بیستو یەکەم تا چلەمو بەو شێوەیە ئەم وڵاتانەش لە قەرزدارترین وڵاتانی جیهانن, پێویستە بگوترێ کە لەم ڕاپۆرتەدا قەرزی دەرەکی هەریەك لە وڵاتانی قەتەر, کوێت, لوبنان, لە وڵاتی ئێران زیاترە.